# ئاکامەکانی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکان

# ١٩٨٠-٢٠٠٣ز

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە

**م.ی. هەژار هوشیا رمهدی**

Hazhar.hoshyar@chu.edu.iq

**م. ی. سۆزان کریم صالح**

Sozan. salih@chu.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتن : ٢٠-٤-٢٠٢٤ ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە ٢٠-٥-٢٠٢٤

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ ئاکامەکانی تاوانی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکان، ١٩٨٠-٢٠٠٣ز، جینۆساید تاوانێکە دژی گەلێك، یاخود کەمینەیەك لەلایەن دەوڵەتێکەوە یان گروپێکەوە ئەنجامدەدرێت، بە ئامانجی لەناوبردن و فەوتانی ئەو خەڵکەیە، کە تاوانەکەیان بەرامبەر ئەنجامدراوە و کوردەفەیلییەکان وەکو بەشێك لە گەلی کورد ڕووبەڕووی چەندین تاوانی جینۆساید بوونەتەوە، لە باشووری کوردستان وعێراق لەلایەن حکومەتە یەك لەدوایەکانی عێراقەوە، بەو هۆکارەوە دەیان هەزار کەسیان بوونەتە قوربانی ئەو سیاسەتانەی کە دژیان پەیڕەوکراوە، لەوانەیش دەرچوونی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە(٤٢) ساڵی ١٩٢٤ز هاووڵاتیانی عێراقی دابەشی دووبەش کردووە، پاشکۆی عوسمانی و پاشکۆی ئێرانی، کوردەفەیلییەکان بە پاشکۆی ئێرانی دانراون وبەو پاساوەش لە وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێبەشکراون، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ حکومەتی عێراق، تاوەکو سیاسەتی ڕاگواستن و تەعریب و کۆمەڵکوژی بەرامبەریان ئەنجامبدات، ئەو تاوانە بەجۆرێک ئەنجامدراوە، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر فەیلییەکان لەدوای خۆی جێهشتوە.

ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خستنەڕووی تاوانی جینۆسایدە بەرانبەر کوردەفەیلییەکان و بارودۆخی سەختی ژیانی قوربانیەکان. بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی و هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی کە خۆیان ڕزگاربووی تاوانی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکانن.

ناوەڕۆکی توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، هەر بەشێکی دابەشی چەند باسێک کراوە، لە بەشی یەکەمدا: پوختەیەکی مێژوویی لەسەرجینۆساید ئاماژەی پێ کراوە، لە باسی یەکەمدا: ئاماژەمان بە وشەی جینۆساید کردووە، لە ڕووی زاراوەوە لە چییەوە هاتووە، هەروەها مێژووی وشەکە بۆ کەی دەگەڕێتەوە. باسی دووەم:

جۆرەکانی جینۆساید ئاماژەی پێ کراوە، لە باسی سێیەمدا: بڕیارە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاوانەکانی جینۆساید خراوەتەڕوو، هەموو ئەو بڕیارانەمان خستۆتە ڕوو کە تێیدا جینۆساید وەکو تاوان دەناسێنت و بڕیاری قەدەغەکردنی دەدات. بەشـــی دووەم: پوختەیەکی مێژوویی و جوگرافی کوردەفەیلییەکانە، باســـی یەکەم: ئاماژە بە ڕەچەڵەکی کوردەفەیلییەکـان کراوە، کە بۆ لوڕەکـان دەگـەڕێنەوە و بەشـــێکی گرنگی گەلی کوردن، بـاســـی دووەم: نـاوی کوردەفەیلییەکان، لە چییەوە هاتووەو کۆمەڵێك بیروبۆچون خراونەتەڕوو. باســـی ســـێیەم: ناوچەی جوگرافیـایی کوردەفەیلییەکان. ئەو ناوچانە دەخەینەڕوو، کە کوردەفەیلییەکان تێیدا نیشتەجێ بوون.

لە بەشـــی ســـێیەمدا ئاماژەمان بە ئاکامەکانی تاوانی جینۆســـایدی کوردەفەیلییەکان ١٩٨٠-٢٠٠٣ز کردووە. لە هەر باسـێکدا، لایەنی کۆمەڵایەتی وئابووری و دەروونی کوردەفەیلییەکان دەخەینەڕوو، کە بەهۆی ڕاگواسـتنی زۆرەملێوە لە بارودۆخێکی سەختدا ژیاون.

لە ئەنجامدا دەتوانرێت بوترێت جینۆســـایدی فەیلییەکان تاوانێکی بە بەرنامەوپلان بووە، ئامانجی حکومەتی عێراقی لەناوبردنی تاکی کورد و کەمکردنەوەی ڕێژەی کورد و بەعەرەبکردنی خاکەکەی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگای کوردیی بووە.

**وشە سەرەکییەکان: جینۆساید، فەیلی ، تاوان، ڕاگواستن.**

**پێشەکی:**

جینۆســـاید وشـــەیەکی گریکیە بە واتای لەناوبردنی ڕەگەزیی دێت، هەروەها تاوانێکی نێودەوڵەتییە و ســـزای لەســـەرە. چەنـدین جۆرو شـــێوەی هەیە، کوردەفەیلییەکـان بەشـــێکی گرنگی گەلی کوردن و بە درێژایی مێژوو لە دامەزرادنی دەوڵەتی عێراقەوە ڕووبەڕووی جینۆســـاید و پاکتاوی ڕەگەزیی بوونەتەوە، بێبەشـــکراون لە ڕەگەزنامەی عێراقی و بە زۆرەملێ ڕاگوێزراون بۆ وڵاتی ئێران وکۆمەڵکوژییان بەرامبەر ئەنجامدراوە، ماڵ و ســـامانیـان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەســـتی بەســـەردا گیراوە، دەیان هەزار خێزانی فەیلی بونەتە قوربانی وئاوارەی وڵاتانی ئێران وئەوروپا بوون، ئەوەش وایکردووە کوردەفەیلییەکان دووچاری باردۆخێکی کومەڵایەتی وئابووری ودەروونی خراپ بینەوە، کە تاوەکو ئەمڕۆش کاریگەرییەکانی بەردەوامە.

**گرنگی توێژینەوەکە :**

بە پێویـستمان زانیوە، نوسـینی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لەسـەر(ئاکامەکانی جینۆسـایدی کوردەفەیلییەکان ١٩٨٠-٢٠٠٣ز )، چونکە تاوانەکە کاریگەرییە نەرێنییـەکانی بەســـەر فەیلییەکانەوە دیـاربووە، لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵمانداوە بەشێک لە ئازارەکانی قوربانییەکان بخەینەڕوو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:**



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەرخستنی ژیانی کوردە فەیلییەکان، وەکو بەشێک لەوانەی تاوانی بەرامبەر ئەنجامدراوە و لە دوای تاوانەکە چۆن ژیاون.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی تۆێژینەوەی وەسفی شیکاریی بەستووە، لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوەکان، هەروەها شیکردنەوەی ئاکامەکانی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکان، لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-٢٠٠٣ز.

**ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوەکە:**

بێگومان هیچ کارێکی زانستیی و توێژینەوەی ئەکادیمی بێ کێشە و گیروگرفت نییە، لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەدا چەندین ئاستەنگ هاتووەتە پێشمان، لەوانەیش کەمی سەرچاوە لەسەر ماوەی توێژینەوەکە و هەروەها بەشێک لە فەیلییەکان نەیاندەویست، باسی بارودۆخی ناهەمواری ژیانیان بکەن.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە :**

توێژنەوەکەمان لە پێشەکی و سێ بەش و چەند باسێک و ئەنجام پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەماندا پوختەیەکی مێژوویی لەسەر جینۆساید خراوەتەڕوو، بە جۆرێك لە باسی یەکەمدا: زاراوەی جینۆساید خراوەتەڕوو، تێیدا ئاماژەمان بە وشەی جینۆساید کردووە، لە ڕووی زاراوەوە لە چییەوە هاتووە، هەروەها مێژووی وشەکە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، لە باسی دووەمدا: جۆرەکانی جینۆساید ئاماژەی پێکراوە، لە تەوەرەی سێیەمدا: بڕیارە نیودەوڵەتییەکان سەبارەت بە تاوانەکانی جینۆساید خراونەتەڕوو. هەموو ئەو بڕیارانەمان خستۆتەڕوو کە تێیدا جینۆساید وەکو تاوان دەناسێنت و بڕیاری قەدەغەکردنی دەدات.

بەشی دووەم: پوختەیەکی مێژووی جوگرافی کوردەفەیلییەکانە، لە باسی یەکەمدا: لەسەر ڕەچەڵەکی کوردە فەیلییەکانە دواوین، تێیدا ئاماژە بە ڕەچەڵەکی کوردەفەیلییەکان کراوە، کە بۆ لوڕەکان دەگەڕێنەوە و بەشێکی گرنگی کوردن، لە باسی دووەمدا: ناوی کوردەفەیلییەکان، لەچییەوە هاتووە، لەم ڕووەوە کۆمەڵێك بیروبۆچون خڕاونەتەڕوو، باسی سێیەم: ناوچەی جوگرافیایی کوردەفەیلییەکان باسکراوە، ئەوناوچانە خراونەتەڕوو، کە تێیدا نیشتەجێ بوون.

بەشی سێیەمدا: ئاکامەکانی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکان ١٩٨٠-٢٠٠٣ز، دابەشی سێ باس بووە، لە باسی یەکەمدا لایەنی کۆمەڵایەتی خراوەتەڕوو تێیدا ئاماژەمان بە تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگای کوردی کردوە، بە هۆی ڕاگواستنی زۆرەملێی فەیلییەکان و نیشتەجێبوونیان لە ئۆردوگاکانی ئێران و لەدەستدانی سەرچاوەی بژێوییان و نەمانی پەیوەندی خزمایەتی و بڵاوبونەوەی نەخوێنەواری. لە باسی دوومدا: لایەنی ئابووری ئاماژەی پێکراوە، بە دەستبەسەراگرتنی ماڵ وسامانی فەیلییەکان، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بەو هۆکارەوە لە بارودۆخێکی ئابووری سەختدا ژیاون. لە باسی سێیەمدا: لایەنی دەروونی فەیلییەکان خراوەتەڕوو، بەهۆی ئەو تاوانانەی بەرامبەریان کراوە توشی چەندین نەخۆشی دەروونی بونەتەوە.



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**یەکەم: تێڕوانینێکی مێژوویی لەسەر جینۆساید**

١-1- زاراوەی جینۆساید لە چییەوە هاتووە:

جینۆسـاید زاراوەیەکی باوە و لە نوسـراوە ئەدەبییەکاندا زۆرجار بە دیار دەکەوێ، بە ڕادەیەك هەر خوێنەوارێك دەزانێ چی دەگەیەنێت، زاراوەی جینۆسـاید وشـەیەکی لێکدراوە لە دوو وشـەی پێکهاتووە، (genos) بە واتای ڕەگەز دێت و دووەمیش وشەیەکی لاتینییە، (cide)یان (caeder) واتای کوشتن و لە ناوبردن دەگەیەنێت( دزەیی، ٢٠٠١، ٤٩). بە ڕێکخسـتنی هەردوو وشـەکەش (genocide) پێکهاتووە، واتای لەناوبردنی ڕەگەز، یاخود بنەچە دەگەیەنێت، کە پەنای بۆ براوە بۆ لەناوبردنی لە ڕیشـەوە دەرهێنانی (نەتەوە یان ئەتنیك یان ئایین...هتد)، تاوانێکی بە بەرنامە بۆدارێژراو و ڕێکخراو، کە لە کۆتاییدا مەبەسـتی کوشـتن و فەوتاندنی ئەوکۆمەڵەیە هیچ پاسـاوێکی یاسـایی هەڵناگرێت( گەیلان ، ئەحمەد، ٢٠٠١، ٧ ) . جینۆساید پێویستی بە ناوەندێکی سەرپەرشتیارو پرۆژەیەکی گشتگیر هەیە، بۆ ئۆرگانیزەکردنی هەموو ئەو ئامرازانەی کە بۆکوشـتاری بەکۆمەڵ بەکاردەهێنرێن، بەدرێژایی مێژوو بە شـێوەی جۆراوجۆر ئەنجامدراوە ( مزویری ، ٢٠١٣، ٥) .

بۆ یەکەمجاریش وشـەی جینۆسـاید، لەلایەن رافائیل لیمکین[1]لە کۆنفرانسـێکدا، لە مەدریدی پایتەختی ئیسـپانیا بەکاریهێناوە(کەرکوك، ژمارە(١)، هاوێنی ٢٠٠٨، ١٦). لە سـاڵی (١٩٣٣)ز لەو ڕاپۆرتەی پێشـکەشـی کۆنفرانسـی کردبوو، داوای ئەوەی کردبوو کە تاوانەکانی لەناوبردنی توخم و ئایین یان نەتەوە وەك کۆمەڵکوژی پێناسـە بکرێن، پێشـنیاری ئەوەشـی کرد، کە لە یاسـای نێودەوڵەتاندا دان بەم تاوانانەدا بنرێت. لیمکین لە سـاڵی (١٩٤٤)دا پێناسـەیەکی بۆ کۆمەڵکوژی دانا، ئەم پێناسـەیە لەو کتێبەیدا هات، کە بۆ خۆی بە ناوی (ڕۆڵی میحور لە ئەوروپای داگیرکراودا) دایناوبوو، بە وردیی ئەم تاوانەی بەم شێوەیە وەسفی کردبوو" ئەو تێکشکاندنەیە، کە بەسەر گروپێکی نەتەوەیی یان توخمێك یان بەسـەر ئایینێکدا دێت، سـەرباری ئەمەش کەلتووری ئەم گروپە لەناودەبرێت" (احمد، ٢٠١٣، ٢١-٢٢). هەرلە وتارەکەیدا وەسفی جینۆسایدی کردووە، بە ناوی (crime of Genocide ) لە گۆڤارێکی یاسایی نێودەوڵەتی لە ساڵی (١٩٤٦)ز بڵاوکراوەتەوە. بە بۆچونی ئەو هەرکەسێك بەشداری بکات یان دەستی هەبێت لە لەناوبردنی گروپێك بەهۆی ئینتیمای نیشـتمانییەوە بێت، یان بەهۆکاری ڕەگەز و زمان و ئایین، یاخود هەوڵی لاوازکردنیان بدات، یان دەسـتدرێژی بکاتە سـەر ژیان وسـەربەسـتی موڵکارییان، ئەم کارانەش بە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی لەقەڵەمدەدرێت(احمد، ٢٠١٣، ٢٢)

١-٢- جۆرەکانی جینۆساید:

لەبەرئەوەی مەبەسـتی جینۆسـاید فەوتاندنی هەموو، یان بەشـێکی هەر کۆمەڵە مرۆڤێکە، ئەو فەوتاندنە تەنها بە کوشـتنی ڕاسـتەخۆ ئەنجامنادرێ، بەڵکو بە هەر جۆروشـێوەیەك بێت، واتە ڕەنگە ڕێگەی جۆراوجۆر بەکاربێت، بۆ ئەنجامدانی سیاسـەتی جینۆسـاید، لەبەرئەوەی مەبەستی جینۆسـاید گەیشتنە بە ئەنجامێك، کە بوونی هەر کۆمەڵە مرۆڤێك نەهێڵێت، بۆیە تێکدان و شـێواندنی ژیان و ژینگەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کەلتوور و مێژووە (گول، ٢٠٠٢، ١٦)، **هەربۆیەش دەتوانین جۆرەکانی جینۆساید بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەین:**

١ -- جینۆسایدی فیزیکی (بەدەنی-جەستەیی):

کوشتن بە هەر جۆرێك بێت ئیعدامکردن و گولەبارانکردن و هێرشی سەربازی و بەکۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن، وەکوکیمیایی، فسفۆڕ وژەهر...هتد(گول ، ٢٠٠٧، ٢٠) .

٢- - جینۆسایدی بیۆلۆژی:

ڕێگەگرتن لە پێشکەوتن و لەدایکبوون و زیادبوونی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک، وەکو بەکارهێنانی ئامرازی داودەرمان و منداڵنەبوون، دابڕینی ژن و پیاو لە یەکترو دابڕینی منداڵ لە دایك وباوك(عبدالعزیز، ٢٠٠٥، ٢٣).

٣- -- جینۆسایدی کەلتووری:

بریتییە لە قەدەغەکردنی زمان و کەلتوور و شێواندنی مێژوو، سڕینەوەی تایبەتمەندێتی نەتەوەیی و سڕینەوەی یەکگرتنی هاوبەشی نێوان و خەڵك و وێرانکردنی ئاسەواری کۆن، کە گوزارشت لە تایبەتمەندێتی نەتەوەیی دەکەن.

٤- - جینۆسایدی ئابووری:

واتە گەمارۆی ئابووری و وێرانکردنی سامان وسروشت و بەروبومی ناوچەکان، تاڵانکردنی ماڵ وسامانی خەڵکی هەر لە شتومەکی ناوماڵەوە، تا دەگاتە مەڕوماڵات و کەرەستەکانی ژیان، گەمارۆی ئابووری مەبەستی برسیکردنی خەڵکییە، کە دەبێتە هۆی فەوتاندنی لەسەرخۆی مرۆڤ ( محەمەد، ٢٠١٢، ٢٢).

دووەم: جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بەپێی بڕیارو یاسا نێودەوڵەتییەکان:

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیی (١٩٣٩-١٩٤٥)ەوە، ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی هاتەکایەوە، وڵاتانی بە گشتی بەرەو بابەتی جیاجیا بردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی نازییەکان قەڵاچۆی جولەکەو ڕۆمانەکانیان کرد، دوای ئەو بارودۆخە وشەی جینۆساید لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەکارهاتووە (ساڵح ، ٢٠٠٢، ١٥-١٦)، بۆ یەکەمجاریش لە (١٩٤٦/١٢/١١) بڕیاری ژمارە(٩٦)ی دەرکردووە، جینۆسایدی بە تاوانێك دانا لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا. لە بڕیارەکەدا هاتووە، جینۆساید نکۆڵیکردنە لە مافەکانی تاك وکۆمەڵ و دژی ڕەوشتی یاسا ئامانج و گیانی نەتەوە یەکگرتووەکانە و تاوانێکە هزرو ویژدان دەهەژێنێ، دەبێتە هۆی لەدەستدانێکی گەورەی مرۆڤایەتی و جیهانی شارستانی سەرزەنشت دەکات (حوسێن، ٢٠٠٧، ١٣).

لەدوای ئەویش کۆمەڵەی گشتی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕاسپارد، کە پرۆژەی ڕێککەوتنامەیەك ئامادە بکات، سەبارەت بە قەدەغەکردن وسزادانی جینۆساید، ئەو ئەنجومەنە کارەکەی ئەنجامداوە و پرۆژەی (ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاوانی کۆمەڵکوژی و سزادان لەسەرئەنجامدانی ) ئاڕاستەی کۆمەڵەی گشتی کردووە، بە ژمارە (٢٦٠) لە (١٩٤٨/١٢/٩) بڕیاری لەسەر دا( سورمێ ، ٢٠٠٦، ٤٣). لە ١٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٥١ز چووە بواری کارپێکردنەوە، ئەو ڕێککەوتننامەیە پێناسەی جینۆساید وا شیدەکاتەوە، کە ئەو کارانەی بە مەبەستی تێکدان وهەڵتەکاندنی گشتی، یان بەشبەش ئەنجامدەدرێن، دژ بە کۆمەڵێکی نەتەوەیی – ئەتنیکی، یان ئایینی و شتی لەم چەشنە، ئەم ڕێککەوتننامەیە کە لە (١٩) ماددە پێکهاتووە، شێوازێکی یاسایشی بەخۆوە گرتووە، وەکو زاراوەیەکی



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

یاسایی بەکارهێنراوە، بەڵام هەموو کوشتار و ڕەشەکوژییەکی بە جینۆساید دانەنا، چونکە جینۆساید کوشتارێکی تایبەتییە، **کە لە ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە بەو شێوەیە هاتووە**:( سا لّح ،٢٠٠٢، ١٦)

١ -- کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە.

٢ -- گەیاندنی زیانی گیانی بە ئەندامانی گرووپەکە.

٣- - مەبەست دانانی ئەندامانی گرووپەکە، لە باردۆخێکی وا دا، کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان هەموو ئەندامانی گرووپەکە.

٤ -- ڕێگریکردن لە (منداڵبوون) لە نێو گرووپەکەدا.

٥- - دابرینی منداڵ وگواستنەوەی یان لە گرووپی خۆیانەوە بۆ گروپێکی تر و جیاکردنەوەیان لە خێزانەکەیان،(سلێمان، ٢٠١٥، ١١) هەموو ئەو بڕگانەی کە لە پێناسەی جینۆسایددا هاتوون، لە شاڵاوەکانی لەناوبردنی کوردادا بونیان هەیە. لە ماددەی (٣)ی ڕێککەوتننامەکەدا باس لەو تاوانانە دەکات، کە پێویستە بکەرەکایان سزا بدرێن، **کە ئەم کارەکتەرانەی لای خوارەوەن:**

١ -- پلاندانان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٢- - سەرپەرشتیکردن وهاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٣- - هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

٤ -- پیلانگێڕیی لە چوارچێوەی جینۆسایددا( هەنارەیی، ٢٠١٦، ١٩-٢٠) .

ئەو ڕێککەوتنامەیە (١١٥) وڵات ئیمزایان کردووە، لەوانەیش عێراق لە (١٩٥٨/٣/٣) ئیمزای لەسەر کردووە (مستەفا، ٢٠١٥، ٧١)، هەموو وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پابەندبوونی خۆیان دووپاتکردۆتەوە، سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، بەڵام عێراق نەك هەر پابەند نەبووە پێیەوە، بەڵکو زۆر بە پێچەوانەوەشەوە کاری کردووە، لە دژی نەتەوە ناعەرەبەکان وئایینزاو ئایینەکانی عێراق (سەرووەری ،ژمارە: ١٦، ،سلێمانی٢٠٠٦، ١٣) ، لەوانەش کوردە فەیلییەکان، وەکو بەشێك لە گەلی کورد تاوانی جینۆسایدیان، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەرامبەر ئەنجامدراوە، وەکو کوشتنی بەئەنقەست بەکارهێنانی تونودتیژی بۆئەوەی لە بارودۆخێکی سەختدا بژین، هەروەها بێبەشکراون لە خۆراك و دەرمان، تاوەکو وایان لێبکات زیانێکی گەورە و برینێکی سەخت بەر جەستە و دەروونیان بکەوێت، هەروەها ڕاگواستنی زۆرەملێ و ئەشکەنجەدان و بەندکردنی گەنجانی فەیلی و تاقیکردنەوەی چەکی کیمیایی، کە هۆکارێك بووە بۆ مردنیان، لەگەڵ ئەوەشدا هەزاران کوردی فەیلی بێسەروشوێن کراون، دەست بەسەر ماڵ و سامانیاندا گیراوە، لە لایەن حکومەتی عێراقەوە، لێوەرگرتنەوەی مافی هاووڵاتیبوون، هەڵوەشانەوەی خێزانی کوردەفەیلییەکان دەتوانین بڵێین بەو هۆکارەوە سەدان منداڵ لە دایک، یاخود باوک جیاکرانەوە، هەموو ئەمانە تاوانن و دەچنە قاڵبی جینۆسایدەوە (تۆبزاوە، العدد: ٤، کرکوك، ٢ ٢٠١، ٤٨-٤٩)

لە دوای نەمانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣)ز پاش پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)ز کەیسی کوردەفەیلییەکان لە (٢٠١٠/١١/٢٩) بەپێی ماددەی (١١)ی دادگاکە بە جینۆساید ناسێندراوە، پاش

تێهەڵچوونەوەی بڕیارەکە جارێکیتر دادگا لە (٢٠١١/٥/١٠) بە جینۆســـایدی ناســـاندوە.، هەروەها ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بە بڕیاری ژمارە (٤٢٦) لە (٢٠١٠/١٢/٢٧)دا کەیسی کوردەفەیلییەکانی بە جینۆساید ناساند( حوسێن، ٢٠٠٧، ١٤٢).

سێیەم: پوختەیەکی مێژوویی و جوگرافی لەسەر کوردەفەیلییەکان:

٣ -١ -- بنچینەی کوردەفەیلییەکان:

کوردەفەیلییەکـان بەشـــێکی گرنگی گەلی کورد پێکـدەهێنن، لەڕووی بنچینەی مێژووییەوە دەچنەوە ســـەرئەو بەشـــەی کورد، کە بە لوڕی یاخود زۆرجار بە لوڕی ڕەســـەن (بچووك) ناودەبرێن. هەندێك لە توێژەران بنچینەی لوڕ بۆ لۆلۆ و کاشـی گۆتی و ئیلامییەکان دەگەڕێنەوە، لە ناوچەکانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس نیشـتەجێبوون(صـالح ، ٢٠١٤، ٦). شـەرەفخانی بەدلیسـی لوڕی وەکو بەشێك لە گەلی کورد داناوە(بەدلیسـی، ٢٠٠٦، ١٠٠)، چەندین نوسـەر مێژوونوسـی تری لەوانە: (یاقوتی حەمەوی، مسعودی، عەباس عزاوی،) بە لوڕەکانیان وتوە کوردن و لوڕسـتان نیشـتمانیانە (العلوی، ٢٠١٠، ١١٢-١١٣).

کوردەفەیلییەکـان بە زاراوەی لوڕوکەڵهوڕ دەدوێن و(گولان، ژمـارە :٢٠٨ ، هەولێر،١٩٩٩، ٥٠) لە چەنـدین هۆزو خێـڵ پێکهاتوون، لەوانەش سـورەمیلی ،مەلەکشـایی، زەندی، گورگوش، ئەرکەوازی، چرمەوەنی، زرگوش، قەیتولی، سـاڵەیی، سـیەسـیە، قەرولوسـی، کەپرات، بەوەلی ،کچینەیی، کارسـواری، خاڵەیی، پاڵانی، هینی منی، خزڵ، بەیرەی(بەدرەیی) کوردەلی، ڕێزەون، ئیوانی، داودی، گەنجەیی، پەتکەوکەر، کلهور، مامەنە، تیلەکۆ، باوەجابر، خورماوای، عەلی شـێروان، مالیمان، شوهان، دوسانی، چەتالی قیاس وەن، پیرمامگ، جاوانی، کاویانی، کڵاووای، حەسەن کایاری(فیلي ، ١٩٩٩، ١١٢-١١٣-١١٤)، لەك، کاکەیی، هەرسـین، مافی، کەڵهوڕ، کوردەلی، گۆڕان، سـنجاوی، زەنگەنە، ماهەکی .... هتد (اسـکندر، ٢٠٠٤، ١٧).

زۆربەی کوردەفەیلییەکان موسڵمان و پەیڕەوکەریی ئایینزای شیعەن(جون ، ٢٠١٢، ٤٠)، بەشێکی کوردەفەیلییەکان بەپێی ئاماژەی ســـەرچاوەکان بێت، کە هەرێمی چیا ناوچەی ئەوان دەکات باوەڕیان بە ئایینی مەســـیحی و جولەکە هەبووە(صالح، ٢٠١٤، ١٦)، بەشێکی تریان لەسەر ئایینی (یارسان) کاکەیین ( العلوی، ٢٠١٠، ٤٦٥) .

٣ -٢- - واتای وشەی فەیلی:

چەندین بیروبۆچون هەن سـەبارەت بە وشـەی فەیلی لە چییەوە هاتووە، لەوانەش وشـەی فەیلی دەگەڕێنەوە، بۆ وشـــەی (پیلی)، کە دامەزێنەری زنجیرە فەرمانڕەواییەکانی ئیلام بووە، کە ســـاڵی (٢٦٧٠)پ.ز فەرمانڕەوایی ئیلام کردووە(الوندی ، علوان، ٢٠١١، ٨٩). هەندێکی تر لە نوســـەران و مێژووناســـان پێیانوایە وشـــەی فەیلی بۆ ســـەردەمی ماددەکان (٨٨٤-٥٥٠ ) پ.ز، باووباپیرانی فەیلییەکان دەگەڕێتەوە (ســلوم ، ٢٠١٣، ١٤٧)وشـــەی فەیلی بە بەشـــێکی کورد وتراوە، کە لە سـەردەمی بابلی[٢] و سۆبارتۆکاند[٣]لە ناوچەی زاگرۆس نیشـتەجێبوون، یاخود وشـەی فەیلی (لە فال – فیلە-فیلوە ) هاتووە، بە واتای کەسی لاواز و بێ ئەزموون (صالح، ٢٠١٤، ١١).

لە بۆچونێکی تری پێچەوانە هـاتووە، کە وشـــەی فەیلی بە واتـای پیـاوی ئـازا دێـت (الفیلي، ٢٠٠٩، ٢٧). بە واتـای هەڵگەڕاوەو یاخی هاتووە، هەندێك بۆچونی تریش هەن، کە ئاماژەیان کردووە، بەوەی کە وشـــەی فەیلی ڕەهەندێکی

جوگرافیایی هەیە و پەیوەندی هەیە بە ناوی (بهلە، بهلی)، کە ناوچەیەکی (زریان ئاباد) بووە، هەروەها لە سەردەمی فەرمانڕەوا حوسێن خان {1856 _1900}ز، کە بەناوبانگترین فەرمانڕەوای فەیلیی بووە، کە نیمچە سەربەخۆییەکی هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پارێزگای خورەم ئاباد وتراوە خورەم ئابادی فەیلی، تەنانەت فەرمانڕەواکانیش وشەی فەیلیان لەگەڵدا بەکارهاتووە( بدون مولف، ٢٠١٣، ١٥).

لە بۆچونێکی تردا هاتووە ناوی فەیلی بۆ ڕووبارێکی بچووك دەگەڕێتەوە، کە دەکەوێتە ناوچەی چیاکانی زاگرۆس، ئەو دانیشتوانەی لە باکووری ئەو ڕووبارە بچوکەوە بوونە پێیان وتراوە کوردی فەیلی، هەرچی باشووری ئەو ڕووبارە بچووکەیە دانیشتوانەکەی بە عەرەبی فەیلی ناسراون، واتە هۆزێکی عەرەب لەوێ نیشتەجێن. وێڕای ئەوەیش هەندێکی تر پێیانوایە کە وشەی فەیلی (فئەعلی) هاتووە، لەبەرئەوەی زۆربەی فەیلییەکان باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام و ئایینزای شیعەیە، [پێمانوانییە لەو وشەیەوە هاتبێت ڕامان وایە وشەی فەیلی ناوچەیی بێت، بۆ شوێنی نیشتەجێبونیان بگەڕێتەوە] (الفيلي، ٢٠١٢، ١٥) .

سەبارەت بە بەکارهێنانی وشەی فەیلی بۆ یەکەمینجار لە سەدەی (١٥)ی ز بەکارهاتووە، کۆمەڵێك توێژەری تر لەوانە (جون مالکولم، بروان)، (ڤلادیمیرمینۆرسکی، ئیسماعیل قمندار) باوەڕیان وایە سەرەتای دەرکەوتنی وشەی فەیلی بۆ سەدەی (١٦) دەگەڕێتەوە(بدون مولف، ٢٠١٣، ١١)، لە بۆچونێکی تردا هاتووە سەرەتای دەرکەوتنی وشەی فەیلی بۆ سەدەی (١٧-١٨)ز دەگەرێتەوە، چونکە کوردە فەیلییەکان پێش ئەو سەردەمە بە لوڕ ناسراون، وشەی فەیلی نوێ بێت و تەنیا لە عێراق بەکارهاتووە، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوەکو ئێستایش پێیاندەوترێت لوڕ(صالح، ٢٠١٤، ١٤). تەنانەت ئەوانەی لە مەندەلی وخانەقین دەژین وشەی فەیلی بەکارناهێنن (گولان، ژمارە :٢٠٨ ، هەولێر،١٩٩٩، ٥٢).

٣ -٣ - جوگرافیای ناوچەی کوردەفەیلییەکان:

سنووری جوگرافیایی ناوچەی کوردەفەیلییەکان بە درێژایی سنووری ئێران وعێراق لە چیاکانی زاگرۆس بڵاوبونەتەوە، لە سەردەمی شەڕوململانێی نێوان هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێران ناوچەی لوڕەکانیش وەکو بەشێکی خاکی کوردستان بۆتە گۆڕەپانی شەڕو یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ئەم دوو دەوڵەتە، لە ئەنجامدا ناوچەکەیان دابەشکراوە، لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی وئێراندا (سلوم،٢٠١٣، ١٤٨ ). ئەو ناوچەنەی فەیلی کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی عێراق و باشووری کوردستان لەسەر هێڵی پانی (٣٥)کم دەستپێدەکات، لە خانەقینەوە، بەرەو ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی قەرەتەپەو بەرەو باشوور، ئەو ناوچانەش دەگرێتەوە( شارەبان و جەلەولاو قزرەوات وبەلەدروز و مەندەلی و بەدرەوجەسان و زیرەیاتی وعەلی غەربی و هەنجیرە، بەم جۆرە دەردەکەوێت، بە درێژایی (١٥٠)کم و پانایی(٦٥)کم(گولان، ژمارە :٢٠٨ ، هەولێر، ١٩٩٩، ٤٩)، هەروەها ناوچەی نەعمانیە وعەزیزیە دەگرێتەوە، زۆربەی ناوچەی فەیلییەکان دەکەوێتە پارێزگای واستەوە لەگەڵ هەندێ گوندی پارێزگای میسان و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای دیالە، وێڕای ئەویش لە چەندین شاری عێراق کوردەفەیلییەکان نیشتەجێبوون، لەوانەش بەغدا، نەجەف، میسان، کەربەلا و کوت ......هتد( سلوم، ٢٠١٣، ١٤٩).



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

ئەو کوردەفەیلییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەژین، ناوچەی نیشتەجێ بونیان دەکەوێتە پارێزگای کرمانشان و ئیلام وخوزستان وشارەکانی لە باشوورە، بۆ باکووریش ئەمانەن: (خەسرەوی وقەسری شرین وکرمانشان و ئیسلام ئاباد لە ڕۆژئاواو سەرپیلی زەهاو ئیلام وبدرەومهران( سلوم، ٢٠١٣، ١٤٩)

چوارەم: ئاکامەکانی تاوانی جینۆسایدی کوردەفەیلییەکان ١٩٨٠-٢٠٠٣:

٤- -١- - لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

ڕاگواســتنی کورد یەکێک بوو لە کۆڵەگەکانی کورد قڕان وســڕینەوەی نەژادی کورد و هەڵوەشــانەوەی کۆمەڵگای کوردی و بە ئاســانی کۆنترۆڵکردنی کورد بوو، تاوەکو لەو ڕێگایەوە بەعس بتوانێت هەموو کردەوە تاوانکارییەکانی لە بەرامبەریان ئەنجام بدات(محەمەد، ٢٠٠٤، ١٠٧-١٠٨). بۆ بەدیهێنانی ئەو ســیاســەتەی حکومەتی عێراق دەســتی بە ڕاگواستنی کوردەفەیلییەکان بە شێوازێکی پلان بۆداڕێژراو کردووە، لە ساڵی (1980/7/٤) نزیکەی(١٢٠) هەزار کەسیان بەرەو ئێران ڕاگواســتووە(گولان العربی، العدد: ٣٢، هولیر،١٩٩٨، ٥٦). ئەو کوردە فەیلییانەی کە ڕاگوێزراون لە ئێران دەخرانە، ئۆردۆگاوی جەهروم و ئەژنا...هتد لە ژیانێکی ســەختدا ژیاون و ڕێگایان پێ نەداون، لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە لە ســەرەتاوە کاربکەن و بخوێنن (تۆپزاوە، العدد: ٤، ٢٠١٢، کرکوك،٧٧) .هەندێك لە ڕاگوێزراوان دوای ماوەیەك ئۆردوگاکانیان بەجێهێشــتووە و ڕوویان لە شــارەکانی تری ئێران کردووە، بە تایبەتی ئەو کەســانەی خزمێک یاخود ناســیارێکیان هەبووە لە ئێران، ئەســرا محەمەد حوســێن دەڵێت: " لە ئۆردۆگاکان ژیانیان ســەخت بووە، هەموو پێداویســتییەکانی ژیانیان دەســت نەدەکەوت، وەک خواردن وکەلوپەل شــوێنێکی شــیاو بۆ ژیانکردن، بەڵام ئەو زۆر نەماوەتەوە لەو ئۆردوگایە، دوای دوو هەفتە بازرگانێکی ئێرانی کە هاوڕێی باوکی بووە ئاگاداری بارودۆخی ژیانیان بوو، ســەردانی کردوون و لەگەڵ خۆی خێزانەکەیانی بردووە بۆ ماڵی خۆی و شــوێنی نیشــتەجێبونی بۆ دابینکردون، هەتاوەکو ماوەیەك خانوویەکیان لە تاران بەکرێ گرتووە" (چاوپێکەوتن، حوســێن ، ٢٠٢٢/١٠/٢٣)، دوای ڕاپەرینی خەڵکی باشووری کوردستان لە (١٩٩١)ز بەدواوە چەند خێزانێکی فەیلی گەڕانەوە بۆ کوردستان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر...هتد، لە باڵەخانە و شوێنە ڕووخاوەکانی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقدا لە ژیانێکی ناخۆش و بێ ئاو و کارەبا و بێ خواردن ژیاون، لە ساڵی (٢٠٠٣)ز لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا وهاوپەیمانانی ژمارەیەکی تری خێزانی کوردە فەیلییەکان بۆ کوردستان و شارەکانی ترعێراق لەوانەیش بەغدا گەڕانەوە(چاوپێکەوتن، ئەکبر، ٢٠٢٣/١١/٢٥).

ڕاگواستنی کوردەفەیلییەکان کاریگەری کردۆتە سەر تێکچوونی شیرازەی خێزانەکانیان و هەر بەو هۆیەوە دەیان خێزان هەڵوەشاونەتەوە، چەندین هاوسەر لە یەکتر جیابونەوە، دوای ئەوەی ژنەکە یان پیاوەکە فەیلی بونایە یەکێك لەوانەیش نەزیرە ئیســماعیل بوو، کە خۆی دەڵێت: " لە ســاڵی (١٩٨٠) مارەبڕبووە لە پیاوێکی عەرەبی عێراق کاتێ ڕاگوێزراوە بۆ ئێران، لە یەکتر جیابوونەتەوە" (چاوپێکەوتن، ئیســماعیل، ٢٠١٣/١٢/١٥). بە مەبەســتی هەڵوەشــانەوەی زیاتری خێزانە فەیلییەکان، ئەنجومەنی ســەرکردایەتی شــۆڕش بڕیاری (٤٧٤) لە (١٩٨١/١/١٥) دەرکردووە، ئەو بڕیارە هەڕەشــەی لەو پیاوە عێراقییانە دەکرد، کە هاوســەرەکانیان فەیلیین و داوای جیابونەوەو بەدەرنانی لێدەکردن لە

بەرامبەری پاداشـــتی ماددیی پێدەدان (خۆشـــناو ، ٢٠٠١، ٣٠٣)، ئەو بڕیارە ژنانی فەیلی توشـــی ئازار کرد بوو، لە کاتی جیابونەوەی لە هاوســـەرە عێراقیەکەی منداڵەکانی بۆ خۆی دەبردو ژنەکەیش بە تەنیا لەگەڵ ماڵی باوکیدا بەرەوژیانی ئاوارەیی دەڕۆیشت (گۆڵان. ژمارە: ١٣٩١، هەولێر، ٢٠٢٣/٦/١٨، ١٧).

وێڕای ئەوەش حکومەتی عێراق چەند ئەندامێکی خێزانە فەیلییەکانی دەستگیرکردووە و بێسەروشوێنی کردون، کاریگەری کردۆتە ســـەر تێکچوونی شـــیرازەی خێزانەکانیـان، فواد عەلی ئەکبر دەڵێت: " لەدوای ئەوەی لە عێراق خانەوادەکان لەیەك جیادەکرانەوە، هاوســـەرو منداڵەکانیان دەســـتگیر دەکران، خانەوادەکانیش بۆ ئێران ڕادەگوێزران، چەندین خێزان هەڵوەشایەوە، لەدوای دروستبونی ئەو بارودۆخە" (چاوپێکەوتن ئەکبر، ٢٠٢٣/١١/٢٥).

کوردەفەیلییەکـان کۆمەڵێـك دابونەریتی خۆیـان هەبوو، وەکو بەشـــێـك لە گەلی کورد، بەڵام زۆرێـك لەو دابونەریتانەیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەوانەش کاری پێکەوەیی دروستکردنی نان، هەروەها دروستکردنی چەندین جۆر خواردن، یادکردنەوەی چەژنی نەتەوەیی نەورۆز و جلوبەرگی کوردی تایبەت بە فەیلییەکان و هەروەها میوانداری ( کوردستانی نوێ، ژ: ٥٣٤١، ٢٠١٠/١١/٣٠، ٥). هەموو ئەم دابونەریتانە باسمان کردوون لە ئەنجامی ڕاگواستنی زۆرەملێیان بۆ ئێران دابەشبونی فەیلییەکان بەسەر شارە جیاوازەکانی ئێراندا و دواتریش کۆچکردنییان بۆ وڵاتانی ئەوروپی وەکو خۆی نەمـاوە(چـاوپێکەوتن ، کـازم ، ٢٠٢٣/١٠/٢٩). ئەوان نـاچـاربوون لەگەڵ ژیـان و دابونەریـت و زمـان وژینگە جیـاوازەکـانی ئێران و ئەو وڵاتـانەی بۆی چوون بژین، خۆیـان لەگەڵ ئەو گۆڕانکـاڕیـانـەدا بگونجێنن (چـاوپێکەوتن ، محەمەد، ٢٠٢٣/١٠/١٣).

ڕاگواســـتنی زۆرەملێ هۆکـاری هەڵوەشـــانـدنەوەی پەیوەنـدییـە کۆمەڵایەتییەکـان ولاوازبوونیەتی بە جۆرێـك پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا تێکدەدات(ابوتراب ، ٢٠١٦، ١٨٤). ڕاگواســـتنی فەیلییەکان پەیوەندی خزمایەتی لەنێوان فەیـلییەکـان لاوازکرد و ئەوانەی لە ئێران و ئەوانەی لە عێراق دەژیـان دورکەوتنەوە، تەنـانەت زۆر لەو فەیلییانەی لە عێراق بوون، لە ترسـی ڕژێمی بەعس نەیاندەتوانی بڵێن فەیلیین و پەیوەندیاین هەبێت لەگەڵ ئەوانەی ئێران (چاوپێکەوتن، ئەکبر، ٢٠٢٣/١١/٢٥) جواد کازم عەلی دەڵێت: " بۆ ماوەی (٢٤) ســاڵ لەگەڵ خوشـك و خوشـكەزاو کەســـوکاری کە ماڵیان لە بەغدابووە دابڕاوە لێیان و تەنانەت هیچ هەواڵێکی لێیان نەبووە، لە دوای ڕاپەرینی خەڵکی کوردستانیش لە ساڵی (١٩٩١)ز بەهۆی ئەوەی ناوچەکەیان لەژێر دەستی ڕژێمی بەعس بوو ترساون کەسوکاریان بێننە کوردســـتان، یاخود ئێران بۆ بینییان، ئەم بارودۆخە تاوەکو پرۆســـەی ئازادیی عێراق لە ســـاڵی (٢٠٠٣)ز بەردەوام بوو(چاوپێکەوتن ،عەلی، ٢٠٢٣/١١/١٢). ئەســـرا محەمەد حوســـێن دەڵێت: " ڕاگواســـتنیان بۆ ئێران وایکرد خێزانەکەی لەیەك جیابینەوە، بەشێك لە ئێران و بەشێك لە ئەوروپا و بەغدان، ئێستا بە تەنیا ئەو لە سلێمانییە دورلە کەسوکاری دەژیـت، لەڕاســـتیـدا ڕاگواســـتن کـاریگەری کردۆتە ســـەر هەموو پەیوەنـدی خزمـایەتی و هۆزایەتی لەنێوان کوردەفەیلییەکاندا" (چاوپێکەوتن ، حوسێن ، ٢٠٢٢/١٠/٢٣).

کوردەفەیلییەکان زۆرگرنگییان بە لایەنی ڕۆشـنبیری وخوێندەواری داوە، لە ســاڵانی چلەکانەوە کۆمەڵەی فەیلی، لەلایەن کۆمەڵێك ڕوشـــنبیرو بازرگانەوە دامەزراوە، چەندین قوتابخانەیان لە بەغداو شـــارەکانی تر دامەزراندوە بۆ

وەرگرتنی ئەو منداڵانەی فەیلین، بەهۆی نەبوونی ناسنامەی عێراقی لە خوێندن بێبەش دەکران. وێڕای ئەویش فەیلییەکان چەندین دامەزراوەی تری وەرزشی و زانستییان هەبووە(اسکندر٢٠٠٤، ٢٨-٢٩). بەڵام لە ئەنجامی ڕاگواستنی زۆرملێی فەیلییەکان وایکرد بەشێکی زۆر لە فەیلییەکان نەخوێنەوار بن، یاخود نەتوانن خوێندن تەواوبکەن. صەلاح عەلی دەڵێت: "لە ئێران خوێندن بۆ فەیلییەکان لە قۆناغی سەرەتایی تا ناوەندی کێشەی نەبوو، تاڕادەیەك، بەڵام ئەوانەی لە قۆناغی زانکۆ بوون کێشەیان بۆ دروست بوو، لە زانکۆکان وەرنەدەگیران(چاوپێکەوتن ، حەسەن، ٢٠٢٣/١٠/١٨). لەم بارەیەوە خالدە شاکردەڵێت: " لە کاتی ڕاگواستنی لە ساڵی (١٩٨٠)ز بۆ ئێران خوێندکاری کۆلێژی یاسای گشتی بووە، بێبەشکراوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، لە تەواوکردنی خوێندن، دواتریش لە ئێران نەیتوانیوە بخوێنێ، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق سەردانی زانکۆی بەغدای کرد بۆ وەرگرتنی بەڵگەنامەی خوێندکاربوونی لەو زانکۆیە پێیانڕاگەیاندوە، کەوا هیچ بەڵگەنامەیەکت نەماوە لە زانکۆ(چاوپێکەوتن شاکر، ٢٠٢٣/١٠/١). ئاراس جواد دەڵێت: (چەندین فەیلی لە ئێران لەدایکبوون لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق گەڕانەوە بۆهەرێمی کوردستان بەهۆی ئەوەی زمانی فارسیان دەزانی لە ئێران بە فارسی خوێندبویان، نەزانینی زمانی کوردی بێبەشبوون لە خوێندن(چاوپێکەوتن ،کازم، ٢٠٢٣/٢٩،١٠).

٤ --٢- - لایەنی ئابووری:

کوردە فەیلییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە ئابووری عێراقدا هەبووە، ئەوشارانەی لێی ژیاون دەکەونە هێڵە سنوورییەکانی سەر ڕۆژهەڵاتی دیجلە، ناوچەیەکی بە پیتە بۆ کشتوکاڵ بە تایبەتی پارێزگای دیالە و واست، جگەلەوەش خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ و بازرگانی بوون، وێڕای ئەوەش ناوچەکەیان دەوڵەمەند بوو بە سامانی سروشتی وەکو نەوت و گەچ و قیر و گۆگرد (صالح، ٢٠١٤، ٤٠). لە شاری بەغدای پایتەختی عێراق باشترین و دەوڵەمەندترین کاسبکارانی فەیلی کاریان دەکرد(فاتیح ، ساڵح، ٢٠٠٣، ٤٣). بە تایبەتی لە شۆرجە و جەمیلە، کە بڕبڕەی بازرگانی خۆراك بوو، هەروەها ناوچەی شێخ عومەر، کە ناوچەیەکی پیشەسازی بوو، زۆربەی پیشەوەرانی فەیلی بوون، شوێنی بازرگانی تریش هەبوون ناوچەی کیفاح و بازاڕی عەرەبی لەژێر دەستی ئەوان بوو، لە هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان و کۆمپانیاکانی بیناسازی لێ بوو (چاوپێکەوتن یوسف، ١١/١٠/ ٢٠٢٣). فەیلییەکان لە دەستەی دامەزرێنەرانی ژووری بارزگانی بەغدا بوون(چاوپێکەوتن ،کازم، ٢٩/ ١٠/ ٢٠٢٣)

حکومەتی عێراق لە ساڵی (١٩٨٠) دوای ڕاگواستنی فەیلییەکان دەستی بەسەر ماڵ و سامانیاندا گرتووە (الطریحی، ٢٠١٣، ص١١)، چونکە فەیلییەکان خاوەن سامان و زەویوزار و شوێنی باش بوون، لەناو بازاڕدا ئەمەش بیانوویەك بوو، کە حکومەتی عێراق دەست بەسەرسامانەکەیاندا بگرێت و لە هەموو شتێك بێبەشیان بکات و ڕایانبگوازێ، بێ ئەوەی هیچ شتێك لەگەڵ خۆیان بەرن. دواتریش سامان و زەویوزار و دوکانەکانیان بەسەر بەعسیەکان دابەشبکات، بەڵام هەندێك جار بۆ شوێن بزرکردن و بەپێی یاسا هەڕاجکردنی ئاشکرایان ڕادەگەیاند، بەڵام بە ساختە دەفرۆشرایە بەعسیەکان و بەرپرسەکانیان(نێروەیی، ٢٠١٠، ٧٩)، لەوبارەیەوە عیسا عەبدوڵا دەڵێت: " باوکی کۆمپانیای موبیلاتی هەبووە، لە زاخۆ تاوەکو بەسرا لەلای باوکی کەلوپەلی دەبرد، بەڵام کاتێ ڕاگوێزران حکومەت دەستی بەسەردا

گرتووە(چاوپێکەوتن ،عەبدوڵا، ٢٠٢٢/١٢/٢٥ ). ئەســرا محەمەد دەڵێت: " کاتی ڕاگوێزران هەرچیان هەبوو حکومەت دەســتی بەســەردا گرت، تەنانەت ڕێگایان نەدا زۆپایەکی نەوتی لەگەڵ خۆیان بەرن، تەنیا بە چەند جانتایەکی جلوبەرگەوە ڕاگوێزراون" (چاوپێکەوتن ،حوسێن، ٢٠٢٢/١٠/٢٣) دەستبەسەراگرتنی ماڵ وسامانی کوردە فەیلییەکان وایکردووە لە چینی دەوڵەمەندی کۆمەڵگای عێراق خاوەن سامان و بازرگان ببنە هەژارترین چین (چاوپێکەوتن ،کازم، ٢٠٢٣/١٠/٢٩).

فەیلییەکان ئەو وڵاتەی کە بۆی ڕاگوێزرابوون لە بارودۆخێکی ئابووری سەختدا ژیاون، ئیشوکاری خۆیان لە عێراق هەبوو، لەدەســتیانداوە و لە ئێرانیش هەلی کاری گونجاو نەبوو بیکەن، تەنیا کرێکار چاوپێکەوتن یی هەبوو، زۆرجاریش ئەوەندە کارەکە قورس بووە بە هەموو کەس نەکراوە(چاوپێکەوتن ،محەمەد، ٢٠٢٣/١٠/١٢). خالدە شاکردەڵێت: " لە ئێران چەندین کاری کردوە بۆ دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەیان لەوانە بەرگدووری لە کاتژمێر (٦)ی بەیانی تاوەکو(٦)ی ئێوارە کاری کردوە وهاوســەرەکەی دکتۆری گشــتی بووە، هەرچەندە حکومەتی ئێران ڕێگای نەدا لە نەخۆشــخانە و نۆڕینگەکان کاربکات، ناچار لە ماڵەوە نەخۆشــی دەبینی و لە بەرامبەردا پارەی وەردەگرت، کردویانەتە خەرجی، دواتر هاوسەرەکەی لە ساڵی (١٩٩٧) گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان ولە نەخۆشخانەکانی سلێمانی بۆتە دکتۆر پارەی لە کوردستانەوە بۆ ئێران بردووەتەوە، لە کاتی سەردانیکردنەوەیان بۆ ئێران، تاوەکو ساڵی (٢٠٠٠)ز، گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان، بە کاری پزیشکی هاوسەرەکەی بژێوی ژیانیان بەدەستهێناوە"( چاوپێکەوتن ، شاکر،٢٠٢٣/١٠/١)، نەزیرە ئیسماعیل دەڵێت: " باوکی بازرگان بوو، کاتێ ڕاگوێزراون هەموو سامان وماڵ ومولَکیان حکومەتی عێراقی دەستی بەســەردا گرت و تەنیا بڕێك پارە نەبێت، باوکی لە بانکێکی لوبنان دایناوو ئەوەیان وەرگرتۆتەوە، لە ئێران باوکی ویستویەتی بە هاوکاری چەند کەسێکی ئێرانی کارگەی ئاسن دابنێت، بەڵام سەرکەتوو نەبوو، لە دامەزراندنی کارەکەی بەهۆی ئەوەی باوکی لە ســاڵی (١٩٨١)ز ئۆتۆمبیل لێیداوە کۆچی دوایی کردووە، دواتر ئەو چەندین کاری کردوە بۆ بەدەســتهێنانی خەرجی ڕۆژانەی خۆی و دایکی، بە تەنیا مابونەوە لە ئێران، براکانی ڕوویان لە ئەوروپا کردبوو، لەو کارانەش لە باڵوێزخانەی وڵاتی قەتەر لە ئێران وەکو وەرگێڕ کاری کردوە، لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٣)( چاوپێکەوتن ، ئیسماعیل، ٢٠١٣/١٢/١٥).

وێڕای ئەوەیش حکومەتی ئێران لە ڕێگای ڕێکخراوە مرۆییەکانەوە هاوکاری فەیلییەکانی دەکرد، تەنانەت خەڵکی ئێرانیش هاوکاری کردون. لە پەیدانی خۆراك و دابینکردنی پێداویســتییەکانی ڕۆژانەدا(چاوپێکەوتن زاهیر، ٢٠٢٣/١١/١٧)، بەڵام لەگەڵ توندبوونی شــەڕی ئێران و عێراق(١٩٨٠_-١٩٨٨)ز ئەو هاوکاریانە کەمبۆیەوە، بۆیە ژن و پیاو و منداڵ کەوتوونەتە کارکردن لە کێڵگە کشــتوکاڵییەکان و باخەکان میوەیان لێ دەکردەوە، بەرامبەر هەندێك پارە، بۆئەوەی خەرجیانی پێ دابینبکەن و (چاوپێکەوتن ، یوســف ، ٢٠٢٣/١١/١٠)، لەدوای ڕاپەرینی (١٩٩١) ژمارەیەکی کەمی فەیلی گەڕانەوە لە ئێرانەوە بۆ کوردســتان، دەســتیان کردووە بە کارکردن دوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس لە ســاڵی (٢٠٠٣) ماڵومولَکیان بۆ نەگەڕایەوە بگەڕێنەوە ســەر ئیش و کاریان، بۆیە تاوەکو ئێســتایش لە بارودۆخێکی ئابووری خراپدا دەژین زۆربەی فەیلییەکان (چاوپێکەوتن ، کازم، ٢٠٢٣/١٠/٢٩).

٤- -٣ -- لایەنی دەروونی:

مەبەست لەو نەخۆشییە دەروونیانەیە، کە مرۆڤ لە ئەنجامی کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە لە ژیانیدا توشی دەبێت، نەخۆشـی دەروونی مرۆڤ لە ئەنجامی ڕووداوێکی نەخوزراو یاخود چاوەروان نەکراو دەبێت (مسـتەفا، ٢٠١٥، ١٧٨). کوردەفەیلییەکـان بەهۆی ئەو تـاوانـانەی بەرامبەریـان کراوە، لەوانەش ڕاگواســتن و بەنـدکردن و ئـازاردانی جەســتەیی و دەرونییان (چاوپێکەوتن ، کازم، ٢٠٢٣/١٠/٢٩)، ســاڵانی (١٩٨٠)ز کاتێ ڕاگوێزراون هێزەکانی حکومەتی عێراق لە نیوەی شەودا هەڵیان دەکوتایە سەر ماڵەکاینان و بە جلوبەرگی نوستنەوە، بە هاواری و گریانی ژن ومنداڵەوە ڕادەگوێزران، زۆربەی فەیلییەکان توشــی ترس ودڵەڕاوکێ بوون لە داهاتوویان چیان لێ بەســەر دێت (ملكي،٢٠٠٩، ٩) بەشـێکی زۆریان توشـی خەمۆکی بوون، بێ هیوابوون ئەو ڕووداوانە کاریگەری کردۆتە سـەر هەسـت و سـۆزیان، کە بارودۆخێکی دەروونی مەترسـیداری بۆ دروسـتکردون، وێڕای تێپەڕبوونی کات چارەسـەر نابێت (چاوپێکەوتن، ئەکبر، ٢٠٢٣/١١/٢٥) بە تـایبەتی ئەوانەی تەمەنیـان هەبوو لە بـارودۆخێکی دەروونی ئـاڵۆزدا دەژیـان، وەکو لە منداڵەکان، کە هەستی بەو ڕووداوانە نەدەکرد کە ڕوویانداوە(چاوپێکەوتن ، ئەحمەد، ٢٠٢٣/١١/٦).

ڕاگواسـتنی زۆرملێی فەیلییەکان کاریگەری لەســەر دڵ وهەسـتیان دروسـتکردبوو، بە جۆرێك ئەوانەی لە عێراق بوون، لە ترسـدا دەژیان هەمان چارەنوسـی ئەوانەی تریان هەبێت و لەلایەکی ترەوە پەیوەندییان لەگەڵ کەسـوکاریان پچڕابوو، بێ ئاگاداربوون لەگەڵ یەکتری(چاوپێکەوتن زاهیر، ٢٠٢٣/١١/١٧).

ئەو فەیلییانەی ڕاگوێزرابوون ماڵوموڵك و ســامانیان لەدەســتدابوو بە هەژاریی لە ئێران دەژیان، ئۆردوگا ببوو بە پەناگەیان ئەمەیش گرفتێکی تری دەروونی دروسـتکردبوو ئەسـرا محەمەد دەڵێت: " باوکم لە بارودۆخێکی دەروونی ناخۆش دەژیا، دوای ئەو هەموو تاوانەی بەرامبەریان کراوە، لە عێراق، بۆیە چەندین جار باوکی دەبینی بەدەم ڕێگاوە بە تەنیا دەڕۆیشت و قسەی دەکرد لەبەرخۆیەوە(چاوپێکەوتن ،حوسێن، ٢٠٢٢/١٠/٢٣).

زۆربەی ئەو فەیلییانەی لە زیندان بوون ، توشــی نەخۆشــی دەروونی بوون، ئەســرا محەمەد دەڵێت: " لەناو ئەو فەیلییانەی کە ئازاد بوون، لە زیندانەکانی حکومەتی عێراق توشی بارودۆخێك بووە، لە ئەنجامی ئازاری جەسـتەیی و دەروونی، ناتوانێت پاش ئەو هەموو ســاڵە بنوێت، شــەو تا بەیانی نانوێت، چارەســەری نییە(چاوپێکەوتن ،حوسـێن، ٢٠٢٢/١٠/٢٣). خالدە شاکر دەڵێت: " ترسی دووبارەبوونەوەی تاوانەکان، کە بەرامبەریان کراوە هەمیشە لە دڵیاندا ترسی دووبارەبونەوەی هەیە" (چاوپێکەوتن ، شاکر، ٢٠٢٣/١٠/١) .



***JSH*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ئەنجام**

1 . جینۆســـاید بە واتای لەناوبردنی کۆمەڵەیەك، یاخود گروپێك دێت، ئەو تاوانەیش لەلایەن دەوڵەتێکەوە، یاخود گروپێکەوە ئەنجامدەدرێت، تاواتبارانیش سزا دەیانگرێتەوە.

2. جینۆساید دوای جەنگی دووەم (١٩٤٨) کەوتە بەرباس کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و چەند بڕیارو یاسایان بۆ ڕێگریکردن لەو تاوانە دەرکردووە، کۆمەڵێك وڵات واژویان لەسەر کردووە، لەوانەیش عێراق.

3. کوردەفەیلییەکان وەکو بەشـــێك لە گەلی کورد، بنچینەیان بۆ لوڕەکان دەگەڕێتەوە و ناوچەکەیان دابەشـــبووە، لەنێوان ئێران وعێراقدا، لە ئەنجامی ئەو دابەشـکارییانەی هەردوو دەوڵەتی عوسـمانی وئێران بەپێی ڕێککەوتنەکانی نێوانیان کردوویانە.

4. جینۆســـایدکردنی فەیلییەکان یەکێك بوو لەو تاوانە نامرۆڤانەیەی، کە حکومەتی عێراق بە پێشـــلکردنی تەواوی مافی مرۆڤ و بڕیارو یاسا نێودەوڵەتییەکان بە پاساوی نەبوونی ڕەگەزنامە ئەنجامی داوە.

5. ئەو تاوانانەی بەرامبەر کوردە فەیلییەکان لە ســـاڵانی ١٩٨٠ ئەنجامدراون، کۆمەڵێك دەرئەنجامی نەرێنی لەســـەر فەیلییەکان بەجێ هێشتووە.

6. لەڕووی کۆمەڵاتییەوە وایکرد پەیوەندی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگای فەیلی نەهێڵێت، هەروەها خێزانی فەیلی هەڵوەشێنێتەوە و کەلتورو زمانی فەیلییەکان بشێونێ ونەخوێنەواریی بڵاوبکاتەوە.

7.لەڕووی ئابوورییەوە دوای دەستگرتن بەسەر سامان وماڵ موڵکی فەیلییەکان، لە دەوڵەمەندترین چینەکانی کۆمەڵگای عێراقەوە بوونە هەژارترین چین و لە ئۆردوگاکانی ئێران و دواتریش لە کوردستان چاوەڕێی هاوکاری بوون.

8. لەڕووی دەروونییەوە کاریگەری خستەسەر فەیلییەکان، چەندین نەخۆشیی دەروونی لەدوای ڕاگواستنی زۆرەملێوە بەجێهێشت، کە تاوەکو ئێستا فەیلییەکان پێوەی دەناڵێنن

**پەراوێزەکان:**

١-- رافایل لیمکین، لەســاڵی ١٩٠٠ لە دایك بووە کە بەڕەگەز (پۆلەندی )یەو هاوڵاتیەکی ئەمریکی یە، لە ســاڵی ١٩٤١ لەزانکۆی (دیۆك ویك) ی ئەمەریکی وانەی یاســای وتۆتەوە، رۆلێکی باڵای بینیوە لەســزا خســتنە ســەرتاوانکارانی جینۆسـاید،خۆشـی یەکێك بووە لە قوربانییەجولەکەکان کەلە سـووتان بەدەسـتی نازیەکان رزگاری بووە، (٥٠)کەس لە خانەوەدەکەیان بووە قوربانی، دواترخۆی بگەیەنێتە ئەمریکاو لەوێ پەنابەری ســیاســی وەربگرێت، بروانە، ( دزەیی: ٢٠٠١، ٣٩)

٢--بابلی: زنجیرە یەك فرمانی رەوایی بوو کە بەدووەم ســەردەمی جیاواز حومکرانی عێراقیان کردووە لەنێوان ساڵانی ١٨٩٤-١٥٩٤پ. ز سـەردەمی بابلی یەکەمە و لەشـاری بابل حکومرانی کردووە لەگەڵ ناوچەیەکی تری درواسێ، کۆمەلێك پاشـایان هەبووە کاشـیەکانی چیای زاگرۆس رووخاوە و شـاری بابلیان داگیرکردووە. سـەردەمی بابلی نوێیە لەنێوان ٦٢٦-٥٣٩پ.ز دەسـت پێدەکات، لەلایەن گەلێکی نیمچە دوورگەی عەرەبی کەلدانیەکان دامەزراوە لەشـاری بابل .بروانە ( الحمدانی، بدون.سنة الطبع، ١٠-١١)

٣- سـۆبارتۆ: کۆنترین دانیشـتوانی کوردسـتان دادەنرێت، سـەبارەت بەناوچەی سـۆبارتۆ بەتەواوی ناتوانرێت دیاری بکرێت بەڵام لەهەمووبارێکدا لەنێوان چیای زاگرۆس لەلای رۆژهەڵات وزێی خاپوور لە لای رۆژئاو دابنرێت . **بروانە(** مەندەلاوی، ٢٠١٢، ١١١)

**لیستی سەرچاوەکان.**

یەکەم: (سەرچاوە کوردییەکان)

1. حوسێن، ئاوارە (٢٠٠٧)، جینۆسایدی کورد لە روانگەی یاسای تاوانکاری نیودەوڵەتییەوە، چاپ١، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
2. هەنارەیی، ئیسماعیل(٢٠١٦)، تاقەنەکانی جینۆساید لەکوردستان، چاپ١،چاپخانەی رۆکسانا، هەولێر.
3. خۆشناو، جاسم تۆفیق(٢٠٠١)، مەسەلەی کورد ویاسای نێودەوڵەتان، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ی کوردستان، سلێمانی.
4. مزویری ،رێکارێ (٢٠١٣)، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد: چاپ١، چاپخانەی کارۆ، کەرکوك.
5. مستەفا ،زۆزان ناسر(٢٠١٥)، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
6 . محەمەد ،زانا فەقێ(2012)،جینۆساید لەباشووری کوردستان ئەنفالی گەرمیان بەنمونە،چاپخانەی یاد، سلێمانی.
7. سلێمان، تەها (٢٠١٥)، کورتەیەك لەمێژووی جینۆسایدی گەلان، چاپخانەی پیرە مێرد، سلێمانی.
8. بەدلیسی،شەرەفخانی(٢٠٠٦)، شەرەفنامە،و:مامۆستا هەژار،چاپ ٣،بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
9. عەباس گەیلان –جەبار ئەحمەد (2021) ، ئەنفال وجینۆسایدی گەلی کورد،بێ شوێنی چاپ.
10. نێروەیی، علی تەتەر(٢٠١٠)، :سیاسەتی حکوومەتی عێراق لەکوردستان لە سایەی بەڵگەنامەفەرمییەکاندا ١٩٧٥-١٩٩١،بەرگی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی دهۆك ،دهۆك.
11. ساڵح عەدالەت عومەر(٢٠٠٢.)، ئەنفال وئافرەتی کورد،چاپ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
12. فاتیح، لەتیف ومەجید ساڵح(2003 )،کورد قڕان، چاپ١، سلێمانی ،چاپخانەی ئۆفسێتی تیشك، سلێمانی.
13. احمد،محمد محمد سعید (مامۆستا شاهۆ)(2013) ،بەرپرسیارێتی لەتاوانی رەشەکوژی شاری هەڵەبجە،و: عبدالکریم عوزێری، چاپ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی .
14. گوڵ، مارف عومەر (٢٠٠٧)، جینۆسایدی گەلی کورد، چاپ٤،دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی ئاراس،هەولێر.
15. گوڵ مارف عومەر (٢٠٠٢)، پۆلێن کردنی تاوانەکانی ئەنفال بەپێ ی جۆرەکانی جینۆساید، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری، سلێمانی.
16. مەندەلاوی، محەمەد مەحموود (٢٠١٢)، چاپی٢، نارین بۆچاپ بلاوکردنەوە، سلێمانی.
17. عبدالعزیز، محمد رەئوف (٢٠٠٥)، ئەنفال ورەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی، چاپ١،وەزارەتی روشبیری،سلێمانی.
18. محەمەد مراد حەکیم(٢٠٠٤)، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی راگواستنی کورد لە عێراق لەسەردەمی بەعس دا، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی ی کوردستان و سلێمانی.
19. سورمێ هەژارعزیز(٢٠٠٦)، کورد وجینۆساید وئیبادەگردن ؛ هەلوێستی یاسای نیودەوڵەتی، چاپ٢، دەزگای چاپ وبڵاوکراوەی موکریان، هەولێر.
20. دزەیی یوسف(٢٠٠١)، ئەنفال کارەسات ئەنجام ورەهەندەکان،چاپ١، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر.

دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:

21. الفیلی،احمد ناصر (٢٠١٢) ، الفیلیون، الطبعة الاول ، مطبعة اراس، اربیل.
22.بدون مولف،(2010) ،الکورد الفیلیون، سلسلة منشورات المرکزالثقافی الفیلی للبحوث والدراسات، لبنان.



*JSH* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

23. العلوی ،زکی جعفر الفیلی (2010) ،تاریخ الکرد الفیلیيون، وافاق المستقبل، موسسەالبلاغ للطباعة والنشر والتوزیع، بیروت.
24. سلوم، سعد(٢٠١٣)، الاقلیات فی العراق، الطبعةالاول، مؤسسة مسارات للتنمیة الثقافیة والاعلامیة، بغداد-بیروت،.
25 اسکندر ،سعدبشیر(٢٠٠٤) ،الکردالفیلیون وحزب البعث ١٩٦٣-٢٠٠٣،منشورات مکتب الفکر والتوعیة فی الاتحادالوطنی الکردستانی، سلیمانی،
26. الحمدانی ، شعیب احمد(بدون سنة الطبع)،قانون حمورابی مکتبة المواهب للطباعة والنشر والتوزیع، بغداد.
27. فیلی ،عبدالجلیل(١٩٩٩)،اللور(الکورد)الفیلیون فی الماضی والحاضر،مطبعة وزراەالتربیة، هولیر.
28. ملکی، عبدالامیر(٢٠٠٩)، الایام العصبیة ،الطبعة الثاني، بدون مکان الطبع.
29. الوندی ،الشیخ بشیر(٢٠١١) ، نوری علوان: الکرد الشیعة (الفیلیة)، الطبعة الاول، مطبعة داروزهیر، بغداد.
30. جون ،محمد تقی(٢٠١٢) قصة الکورد الفیلین، مطبعة دارضیاء للطباعة، النجف الاشرف .
32. الطریحی، محمدسعید (٢٠١٣)، الشیعە الاکراد الکورد الفیلیة، الطبعة الاول، دار نینوی دراسات وانشروالتوزیع، سوریا.
33. الفیلی،نجم سلیمان مهدی(٢٠٠٩)، الفیلیون، الطبعة الثاني، مطبعة اراس اربیل.
ج- ڕۆژنامەوگۆڤارەکان بەزمانی کوردی:
سێیەم: ڕۆژنامەکان:
34.رۆژنامەی کوردستانی نوێ: ژ: ٥٣٤١، ٢٠١٠/١١/٣٠،سلێمانی
چوارەم: گۆڤارەکان:
35. محەمەد، ئارمان رەئوف (٢٠٠٦)، پاکتاوکردنی رەگەزیی لەهەرێمی کوردستان،گۆڤاری: سەروەری ،ژمارە:١٦، ،سلێمانی.
36. فەیلی،رووناك صەڵاح(٢٠٢٣/٦/١٨) ، کوردی فەیلی تووشی جینۆساید جەستەیی و بایۆلۆژی و ئابووری ونەتەوەیی بوون، گۆڤاری :گولان، ژمارە: ١٣٦٩ هەولێر.
38. داودی عەلاء –پەدید فەیلی (١٩٩٩) ،کێشەی کوردەفەیلییەکان و ئاواتی گەرانەوەیان، گۆڤاری: گولان، ژمارە :٢٠٨ ، هەولێر.
39. رشید، هێمن میکائیل(٢٠٠٨)، لێکۆلینەوەیەك لەسەرئەنفال ،گۆڤاری: کەرکوك، ژمارە١، هاوینی.
گۆڤارەکان بەزمانی عەرەبی:
40. ابو رەوەند،(١٩٩٨ ) ،الکورد الفیلیون... وحلم العودە الی الوطن، المجلة: گولان العربی، العدد: ٣٢، هولیر.
41. کامبل، الیزابیث(٢٠١٢)،کورد العراق الفیلیە: ثلاثون عاما بلاجنسیة، ترجمة: دیاری صالح مجید، مجلة: تۆپزاوە، العدد: ٤، کرکوك.
42. فیلی، ریاض جاسم محمد(٢٠١٢)، جریمة ابادە الکرد الفیلیین،مجلة تۆبزاوە، العدد: ٤، کرکوك،.
پێنجەم. نامەی ماستەر
43. صالح، سۆزان کریم(٢٠١٤)، رەوشی سیاسی کوردەفەیلییەکان لەعێراق دا (١٩٥٨-١٩٨٠)، نامەی ماستەر ،بڵاونەکراوە، سکۆلی زانستەمرۆڤایەتییەکان، بەشی مێژوو زانکۆی سلێمانی .
شەشەم. چاوپێکەوتن:

44. حوسێن، ئەسرا محەمەد، ٢٠٢٢/١٠/٢٣، سلێمانی.
45. کازم ،ئاراس جواد، 2023/10/29 ،هەولێر.
46. عەلی ، جەواد کازم ، ١١/١٤/ ٢٠٢٣. لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە
47. زاهیر ، حەسەن حسێن ، 2023/11/17،هەولێر.
48. شاکر، خالدە2023/10/1 ، سلێمانی.
49. حەسەن،صەلاح عەلی ، 2023/10/18 ، هەولێر
50. یوسف، عامر جەلال ، 2023/11/10سلێمانی.
51. عەبدوڵا،عیسا حمید، ٢٠٢٢/١٢/٢٥. لەرێگای پەیوەندی تەلەفونیەوە.
52. ئەکبر، فواد عەلی2023/11/25 ، لەرێگای پەیوەندی تەلەفۆنیەوە.
5. ئەحمەد، فراس شەهاب، 2023/11/6، سلێمانی.
54. محەمەد،مهدی نورەدین ،2023/10/12 ،هەولێر.
55. ئیسماعیل، نەزیرە،٢٠١٣/١٢/١٥، سلێمانی.

**ملخص**

يُخصص هذا البحث لعواقب الإبادة الجماعية للكورد الفيليين ما بين سنة ١٩٨٠ ــ٢٠٠٣.

الإبادة الجماعية: هي جريمة ترتكب ضــد شــعب أو أقلية من قبل دولة أو مجموعة بهدف تدمير الأشــخاص الذين ارتكبت الجريمة ضــدهم. لقد واجه الأكرادُ الفيليون كجزءٍ من الشــعب الكردي العديدَ من جرائم الإبادة الجماعية في جنوب كردســتان والعراق من قبل الحكومات العراقية المتعاقبة. ونتيجة ذلك، أصــبح عشــرات الآلاف منهم ضــحايا للســياســات المتبعة ضــدهم، بما في ذلك صــدور قانون الجنســية العراقية رقم ٤٢ لســنة ١٩٢٤، الذي قسَّــم المواطنين العراقيين. التبعية العثماني والإيراني، يعتبر الأكراد الفيليون من التبعية الايرانية ولذلك حُرموا من الجنســية العراقية، وهذا من الأسباب التي دفع الحكومة العراقية إلى تنفيذ سياسة الترحيل والإهانة والإبادة الجماعية ضدهم، وقد تركت تلك الجريمة أثاراً سلبياً علي الكورد الفليين

يهدف هذا البحث إلى عرض جريمة الإبادة الجماعية للكورد الفيليين والظروف المعيشــية الصــعبة التي عاش فيها الضحايا. بناء على مصادر علمية ومقابلات مع الناجين من الإبادة الجماعية للكورد الفيليين.

ويتكون محتوى البحث من مقدمة وثلاثة أجزاء رئيسية.

وفي الجزء الأول: تم ذكر ملخص تاريخي للإبادة الجماعية، وفي الفصــل الأول: ذكرنا مصــطلح الإبادة الجماعية. ومن أين اشــتقت هذه الكلمة، وأيضــاً هذه الكلمة ترجع إلى أي تاريخ.وفي الفصــل الثاني: أشــرنا إلى أنواع الإبادة الجماعية. وفي الفصــل الثالث: القرارات الدولية الخاصــة بجرائم الإبادة الجماعية. لقد قدمنا كافة القرارات التي تُجرم الإبادة الجماعية وتحظرها.الجزء الثاني: ملخص للتاريخ الجغرافي للكورد الفيليين. الفصــل الأول: ذكر أصــل الكورد الفيليين الذين يرجعون إلى اللُّوريين وهم جزء مهم من الشعب الكردي. وفي الفصل الثاني: سنعرض بعض الآراء حول

أصـل اسـم الكورد الفيليين، ومن أي كلمة اشـتق. وفي الفصـل الثالث: المنطقة الجغرافية للكورد لفيليين وسـنعرض المناطق التي عاش فيها الكورد الفيليون.وفي الجزء الثالث ذكرنا عواقب الإبادة الجماعية للكورد الفيليين ما بين سـنة ١٩٨٠ ــــ٢٠٠٣. وفي كل محور سنعرض الجوانب الاجتماعية والاقتصادية والنفسية للكورد الفيليين. لقد عاشوا ظروفاً صعبة بسبب التهجير القسري(تحذف).

وفى النتيجة يمكن القول أن إبادة الفيليين كانت جريمة مخططة وكان هدف الحكومة العراقية هو تدمير الفرد الكردي وتقليل عدد السكان الكرد وتعريب الأراضي وتدمير نظام المجتمع الكردي.

الكلمات المفتاحية والرئيسية: الإبادة الجماعية، الفيلي، الجريمة، الترحيل.

**Abstract**

This research is devoted to the failures of the crime of genocide against the Kurdish Failis, 1980-2003. Genocide is a crime against a people or minority committed by a state or group with the aim of destroying the Futanese The Failis and part of the Kurdish people have faced several crimes of genocide, in southern Kurdistan and Iraq by successive Iraqi governments As a result, thousands of them have become victims of the policies pursued against them, including the enactment of the Iraqi Citizenship Law No. 42 in 1924, which divided Iraqi citizens into two parts, the Ottoman and the Kurdish The Yeli people have been denied Iraqi citizenship on the grounds that they have been denied Iraqi citizenship, which has prevented the Iraqi government from pursuing a policy of deportation, degradation and genocide against them This has not been done in any way The research aims to present the crime of genocide against the Failis Kurds and the difficult living conditions of the victims based on scientific sources, as well as interviews with survivors of the genocide Faili Kurds The content of the research is professional and consists of thirty main parts. Each part is divided into several chapters The term genocide has been discussed in terms of its origin and the history of the word. In the second chapter, the types of genocide have been discussed in the discussion of the stigma of international decisions With the crimes of genocide, we have presented all the decisions that recognize genocide as a crime and decide to prohibit it In the second section, the name of the Failis Kurds comes from and we present some opinions about the geographical area of the Failis Kurds Here are the areas where the Failis lived In the third part, we have paid tribute to the failures of the crime of genocide against the Failis Kurds 1980-2 They lived in Khat. As a result, it can be said that the genocide of the Failis was a planned crime. The goal of the Iraqi government was to destroy the Kurdish individual, reduce the number of Kurds, make their territory Umrah and destroy the order of Kurdish society.

Keywords: Faily genocide, crime, deportation